PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئینیستتیوتی پەی
بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# بە جێبەجێکردنی یاسا، سەنگەری خۆپارێزی خەلکی کوردستان بەهێزتر دەبێت

هەرچەندە دابەشکردنی موچەو شایستەکانی فەرمانبەران و خانەنشینان لەهەرێمدا بووە بە گرفتێکی بەردەوام، بەلام مووچە مافێکی یاساییەو هیچ دەسەلات و هێزێك ناتوانێت بێ پالپشتی یاسایی دەستکاری بکات، یان دوای بخات و دابەشی نەکات. ئەگەر پێشتر بەناوی قەیرانی داراییەوە کابینەی پێشوو (هەشتەم) پاشەکەوتی موچەی پەیرەوکرد، دواتر کابینەی نوێ (نۆیەم) بەلێنی دا کە هەر (٣٠) رۆژ جارێك موچە دابەش بکات، کەچی ئەوەتا سەرباری ئەوەی چوار مانگی موچەی فەرمانبەران دواکەوتووە، ئێستا حکومەت بەرنامەی ئەوەی هەیە کە لەسایەی یاسای بەناو چاکسازیدا قووتی فەرمانبەران و خانەنشینان ببڕێت و موچەکانیان کەم بکاتەوە. ئەوەتا (وەزیری دارایی) لە دوا لێدوانیدا رۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٦ بە ئاشکرا رایگەیاند و وتی: "لەم دۆخەدا دەبێ بیر لە دەستکاریکردنی مووچە بکرێتەوە"، کە ئەمە زەنگێکی مەترسیدارەو نابێ رێگە بدرێت تێپەرێت. لەم یاداشتەدا چەند خالێکی پەیوەندیدار بەو بابەتە دەخەینە روو کە خوازیارین لایەنە پەیوەندارەکانی (پەرلەمان و حکومەت) بە هەستکردن بە لێپرسراویەتیەوە کاری لەسەر بکەن، بەپێچەوانەوە کاردانەوەو کاریگەریی نەرێنی لێدەکەوێتەوە.

**یەکەم :دابەش کردنی مووچە :**

کۆرۆنا نەخۆشییەکی جیهانییە، بە گوێرەی دواهەمین راپۆرتی تەندروستی جیهانی و راپۆرتی ناوەندەکانی توێژینەوە چارەسەری ئەو پەتایە کاتی پێویستە، بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێم بەر لە چارەسەری ئەم نەخۆشییە خۆی لەگەلیدا بگونجێنێ. تا ئێستاش حکومەتی هەرێم تا ئاستێکی باش رێکاری خۆپارێزیی بۆ هاولاتیانی گرتۆتەبەر، کە بە پلەی یەك خۆی لە چاودێری و راگرتنی دەوام و قەدەغەی هاتوچۆ و کەرەنتینەکردن و هێشتنەوەی هاولاتیان لە مالەکانیاندا دەبینێتەوە. بەلام بۆ ئەوەی هاولاتیان پەیوەست بن بە رێنمایی و رێکارە خۆپارێزییەکانی حکومەتەوەو گوێرایەلّ بن و کەرەنتین بە بیانویەك بۆ دابەش کردنی مووچە لێك نەدرێتەوە، پێویستە بژێویی ژیان و خۆراکیان بۆ دابین بکرێت، لەبەر ئەمە ناکرێت مووچە دوابخرێت، دەبێت لەژێر رێکار و مەرجی خۆپارێزیدا پەلە بکرێت لە دابەش کردنی.

**دووەم :لێپرسراویەتی ئۆپۆزسیۆن و دەسەلات :**

پەرلەمانی کوردستان وەك ناوەندێکی چاودێری، لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان و ئەندامانەوە، لەم بارەیەوە زۆرترین قسەو بەیاننامەو هەلوێستی فەرمی دەربڕی، بێ ئەوەی سنووری لێپرسراویەتی خۆیان بزانن. ئاشکرایە ئۆپۆزسیۆن نوێنەرایەتی دەسەلات ناکەن لە حکومەتدا، بۆیە پێشنیار و رەخنەکانیان لە رێگای میدیاوە دەردەبڕن. بەلام ئەو فراکسیۆنانەی دەنگیان بە حکومەت داوەو خاوەن نوێنەرن، ناکرێت لە میدیاوە فرمێسکی تیمساحی بڕێژن، چونکە ئەگەر دابەش نەکردنی مووچە بەتاوان ئەزانن، ئەوە ئەوان بەشدارن لەو تاوانە، وە تەنها بە دەست کێشانەوە لە پلەوپۆستەکانیان هاوبەشی ئەو تاوانە نابن، بە پێچەوانەوە هەلوێستە چەواشەکارییەکانیان وا ئەکات لەیەك کاتدا هاوبەشی تاوانی دابەش نەکردنی مووچە بن، هاوکات تاوانباری ووتنی ناڕاستی و خۆ ئارایشت کردن بن لە رێگای چەواشەکاریەوە. کاری پەرلەمانتارە بەدواداچوون بکات و بلێ چی بکرێت نەك وەك میدیاکار تەنها بلێ بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە با سوود لە ئەزمونی (کاتی پۆرتەر) ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا وەربگرن کە لە رێگای بە دواداچوونی ووردو پێشنیاری گونجاو توانی تێستی کۆرۆنا بکات بەخۆڕایی، لە کاتێکدا (١٣٣١) دۆلاری تێئەچوو.

**سێیەم**: بەگوێرەی ووتەی سەرۆکی فراکسیۆن و لێدوانی حکومەت بێت، حکومەت بە نیازە لە رێگای جێبەجێکردنی مادەی (١٦) لە یاسای چاکسازی مووچەی فەرمانبەران کەمبکاتەوە. بۆیە ئێمە وەك رێکخراوێکی تایبەتمەند هۆشداری ئەدەینە حکومەت کە ناتوانێ لە ئێستادا ئەم یاسایە جێبەجێبکات بە پالپشتی ئەم بنەما یاساییانە:

ناونیشان: سلێمانی– شەقامی سالم/ تەلاری شا میر– بەرامبەر شارەوانی سلێمانی – ئیمەیل payinstitute@gmail.com - sarwary74@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٦٤٥٧٦ -٠٧٧٠١٤٦٥٧٣٣- http://payied.org/- https://www.facebook.com/payinstitute/

١–بە گوێرەی مادەی (٥) لە بەشی پێنجەمی یاسای ژمارە (١) چاکسازی ساڵی (٢٠٢٠)، بە رەهایی دەسەڵات بە حکومەت دراوە دەرماڵەکان رێك بخاتەوە.

٢–بە گوێرەی مادەی (١٧) لە هەمان یاسای چاکسازی پێویستە حکومەت پەیرەوێك دەربکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٦٠) رۆژ.

٣– لە مادە (١٩)ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە دوای بڵاوکردنەوەی پەیرەوەکە، یاساکە جێبەجێ دەبێت لە دوای تێپەر بوونی (٩٠) رۆژ. کەواتە لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەو مادده یاساییانەوە دەردەکەوێت کە:

–ئێستا پەیرەوەکە دەرنەچووەو هەرکات دەرچوو یاساکە دوای (٩٠) رۆژ دەچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە.

–چونکە یاساکە تایبەتە بە مووچەو خانەنشینی، جا یان بە کەم کردنەوە یان زیاد کردن، دەبێت لەو مانگی مووچەیە جێ بەجێ بێت کە یاساکە دیاری کردووە. وەك ئاشکرایە مانگی مووچەو مانگەکانی ساڵ جیاوازن، بۆ نموونە ئێمە ئێستا لە مانگی (٤) نیساندا، فەرمانبەران مووچەی مانگی (١٢) کانونی یەکەمی سالی ٢٠١٩ دەردەگرن، کەواتە ئەگەر بە گریمانە یاساکە لە مانگی (٧) تەموزدا بکەوێتە جێبەجێکردن، کە لە مانگی (٧)یشدا فەرمانبەران موچەی مانگی (٤) وەردەگرن، کەواتە مەرجەو دەبێت حکومەت دوای مانگی (١٠) یاساکە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە (ئەمە لەکاتێدا ئەگەر هەموو ٣٠ رۆژ جارێك موچە دابەش بکرێت).

**چوارەم**: داوا لەو پەرلەمانتار و فراکسیۆنانە دەکەین تا ئەو کاتە ئەو ماددەیە هەموار بکەنەوەو مادەی (٥) کە تایبەتە بە بڕینی دەرماڵەی فەرمانبەران لابیدەن، بۆ ئەوەی هەڵەی بەشدار بوونیان لە بڕینی قوتی مووچە خۆرانی کوردستان، راست بکەنەوە.

ئەگەر حکومەتی هەرێم خوازیارە هاوڵاتیانی لە ئافاتی کرۆنا بپارێزێت و خەڵکی کوردستان گوێڕایەڵی بڕیار و رێنماییەکانی بن، ئەگەر حکومەت خوازیارە ئاشتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بێت و هەموو ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا لەو بوارەدا ناویەتی هەر بە ئەرێنی بمێنێتەوە، دەبێت موچەو شایستەکانی فەرمانبەران و خانەنشینان دابەش بکات و بژێوی و گوزەرانیان دابین بکات، هیچ نا لەم قۆناغەدا باری سەر شانیان قورستر نەکەن. ئەگەر پەرلەمان و حکومەت خوازیارن هاوڵاتیان یاسا پەیرەو بکەن، پێویستە خۆیان پێشێلی نەکەن، بە پێچەوانەوە ئەم حکومەت و دەسەڵاتە بەرپرسیار دەبن لەهەمبەر هەر ئەگەرێکی تری نەخوازراو کە ئەم هەرێمە بگرێتەوە.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**
**٢٠٢٠/٣/٢٧**

**وێنەیەك بۆ:**

–سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.
–سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.
–سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
–سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان.
–سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان.
–دادگای فیدراڵی عیراق.
–نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان.
–سەرجەم باڵوێزخانەکانی ولاتان لە هەرێمی کوردستان.